گــۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/mvqkqs75

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٥/٠٦/٠١
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٥/٠٨/٠٤
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# سینۆگرافیا وەک توخمێکی سەرەکی لە نمایشی شانۆییدا نمایشی شانۆیی (کۆچبەران)بە نمونە

**ڕاز کەمال حسێن [١] - کیفی احمد عبدالقادر [٢]**

razkemal82@gmail.com kaify.ahmad@koyauniversity.org

[١] بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە سەرجەم ئەو توخمانە دەکات کە لەسەر تەختەی شانۆ دەبینرێت و دەبیسترێت، کە پێیدەوترێت "سینۆگرافیا". واتە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بینەر دەیبینێت یان گوێی لێدەبێت لەسەر شانۆ، وەک دیکۆر، ڕوناکی، و دەنگ. کێشەکە ئەوەیە کە زۆرجار توێژەران یاخود ڕەخنەگرانی بواری شانۆیی لێکۆڵینەوە لە شانۆ یان نمایشیک دەکەن، زیاتر سەیری نواندن و دەرهێنان و چیرۆکەکە دەکەن و گرنگییەکی زۆر بە سینۆگرافیا نادەن، وەک ئەوەی شتێکی لاوەکی بێت. بەڵام گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەیسەلمێنێت سینۆگرافیا تەنها بۆ جوانی نییە. بەپێچەوانەوە، بەشێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت بە باشی لە پەیام، مانا، و بارە دەروونییەکانی نمایشەکە تێبگات. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش ڕونکردنەوەی ئەم ڕۆڵە گرنگ و سەرەکییەی سینۆگرافیایە. بۆ نیشاندانی ئەمە، توێژینەوەکە نمایشی شانۆیی "کۆچبەران" وەک نمونە وەردەگرێت و شیدەکاتەوە. لەم شانۆییەدا نیشانی دەدات چۆن سینۆگرافیا – بە بەکارهێنانی شوێنێکی تاریک وەک ژێرزەمین، کارتێکەرە دەنگییەکان، کەلوپەل، ڕەنگ، و ڕوناکی – بەشێوازێکی زۆر کاریگەر ژیانی پڕ ئازار و نائومێدی کۆچبەران دەخاتەڕو و بینەر لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ناو کەشی شانۆنامەکە، تەنانەت بێ ئەوەی گوێ بیستی دیالۆگ بین لەسەر شانۆ. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆییدا، بەتایبەت لە "کۆچبەران"دا، بەشێکی سەرەکییە و ناتوانرێت لێی جیابکرێتەوە بۆ ئەوەی نمایشە شانۆییەکە سەرکەوتو بێت و بتوانێت پەیامە مرۆڤایەتییەکانی بە باشی بگەیەنێت.

**کلیلە وشەکان:** سینۆگرافیا، توخم، نمایش، دەنگ، شانۆ.

# Scenography as a Key Element in Theatrical Performance:

## Taking the Theatrical Performance "Immigrants" as an Example

**Raz Kamal Hussein[1] - Kaify Ahmad Abdulkadir[2]**

[1]Department of Cinema and Theatre، College of Fine Arts، Salahaddin University، Erbil، Kurdistan Region
[2]Department of Kurdish Language، Faculty of Education، Koya University، Koya، Kurdistan Region

Abstract:
This research discusses all the elements that appear on the stage in a theatrical production، known as "scenography." It encompasses everything the audience sees or hears during the performance، such as set design، lighting، and sound. The issue is that many researchers or theater critics often focus on acting، directing، and storytelling، giving little attention to scenography، treating it as secondary. However، the importance of this study lies in demonstrating that scenography is not merely for aesthetic appeal. On the contrary، it plays a crucial role in helping the audience grasp the message، meaning، and emotional depth of a performance. The main goal of this research is to clarify the significance of scenography. To illustrate this، the study examines the play Migrants as a case study. It explores how scenography—through the use of a dark underground setting، sound effects، props، color، and lighting—effectively conveys the suffering and despair of migrants، immersing the audience in the play's themes even without spoken dialogue. Ultimately، the research concludes that scenography in theater، particularly in Migrants، is essential and cannot be separated from a successful theatrical production that aims to convey deep human messages.

**Keywords**: Scenography، Elements، Performance، Sound، Theater.

## پێشەکی:

کاتێک سەیری نمایشێکی شانۆیی دەکەین، تەنها چیرۆکەکە و ئەکتەرەکان نابینین. شتگەلێکی دیکەش هەیە، کە زۆر کاریگەرن و یارمەتیمان دەدەن، باشتر لە نمایشەکە تێبگەین، وەک دیکۆری سەرشانۆکە، ڕوناکی، جلوبەرگ و کاریگەرییە دەنگییەکان. بە هەمو ئەمانە دەوترێت "سینۆگرافیا". سینۆگرافیا وەک وێنەی پشت چیرۆکەکە وایە و کەشی نمایشەکە دروست دەکات، بەڵام زۆرجار لە لێکۆڵینەوەکاندا، سینۆگرافیا بە وردی ناخوێنرێتەوە و گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت، سەرەڕای ئەوەی بەشێکی گرنگی نمایشە. نمایشی "کۆچبەران" یەکێکە لەو کارانەی، کە سینۆگرافیاکەی ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرکەوتن و گەیاندنی پەیامەکەیدا بینیوە، بەڵام ئەم ڕۆڵە بە تێروتەسەلی لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، تیشک بخاتە سەر سینۆگرافیای نمایشی "کۆچبەران". ئامانج لێی ئەوەیە، کە نیشان بدات، چۆن ئەو دیکۆر و ڕوناکی و دەنگ و جلوبەرگانە پێکەوە هاوکاری دروستکردنی هەستی نائومێدی و دۆخی قورسی

کۆچبەرانیان کردوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دوپاتی دەکاتەوە، سینۆگرافیا تەنها جوانی نییە، بەڵکو زمانێکی گرنگە بۆ گەیاندنی بیرۆکە و هەست و کردەوەکان لە شانۆدا.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە

**یەکەم: گرفتی توێژینەوەکە:** کاتێک سەیری نمایشێکی شانۆیی دەکەین، چەند شتێک دەبینین و دەیبیستین. نواندنی ئەکتەرەکان، چیرۆکەکە، دیالۆگەکانیان (دەقەکە)، بەڵام شتێکی دیکەش هەیە، کە زۆر گرنگە، ئەویش هەمو ئەو شتانەیە، کە لەسەر شانۆ دەبینرێن، وەکو ئەوەی دیمەنەکە چۆنە؟ ڕەنگەکان چین؟ جلوبەرگەکان چۆنن؟ ڕوناکییەکە چی دەڵێت؟ بە هەمو ئەمانە دەوترێت (سینۆگرافیا)، کێشەکە ئەوەیە، زۆرجار لە قسەکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر نمایشی شانۆیی، زیاتر باس لە نواندن و چیرۆکەکە دەکرێت. بەشی (سینۆگرافیا)، کە هەمو ئەو شتە بینراوانەیە، ئەوەندە گرنگی پێنادرێت و بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر ناکرێت، سەرەڕای ئەوەی، کە زۆر یارمەتی بینەر دەدات، لە تێگەیشتن و هەستکردن بە تەواوی نمایشەکە، نمایشی شانۆیی (کۆچبەران) کە سینۆگرافیاکەی (دیمەن و ڕوناکی و... هتد) زۆر کاریگەر بوە و بەشێکی سەرەکی بوە لە سەرکەوتنی نمایشەکە، بەڵام هێشتا بە وردی نەمانزانیوە، یان لێکۆڵینەوەی تەواومان نەکردوە، کە چۆن ئەو سینۆگرافیا تایبەتە لە (کۆچبەران)دا توانیویەتی ئەو کاریگەرییە دروستبکات و چەندە گرنگ بوە وەک بەشێکی سەرەکی؟ نەک تەنها شتێکی لاوەکی. کەواتە کێشەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە دەمانەوێت بیسەلمێنین و پیشانی بدەین، کە سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆیی و بەتایبەت لە نمایشی شانۆیی (کۆچبەران)دا، تەنها بۆ جوانی و ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو توخمێکی سەرەکی و گرنگە، کە هێشتا بە تەواوی گرنگییەکەی نەزانراوە، یان بە وردی شی نەکراوەتەوە.

**دوەم: گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە دەیەوێت بە ڕونی نیشانبدات، کە سینۆگرافیا (هەمو شتە بینراو و بیستراوەکان، کە لەسەر شانۆ وەک دیکۆر، ڕوناکی، جلوبەرگ، مۆسیقا)، تەنها شتێکی لاوەکی، یان بۆ جوانی وڕازاندنەوە نین، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنێت، کە سینۆگرافیا بەشێکی سەرەکییە، لەوەی بینەر چۆن لە پەیامی نمایشەکە تێدەگات و هەستی پێدەکات.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە بیسەلمێنێ سینۆگرافیا لە نمایشە شانۆییەکاندا توخمێکی سەرەکی و گرنگە، بە تیشک خستنە سەر نمایشی شانۆیی (کۆچبەران)، دەمانەوێت ڕۆڵی کاریگەری سینۆگرافیا لە گەیاندنی پەیام و هەستی نمایشەکەدا ڕون بکەینەوە.

**چوارەم: سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری بابەتی: سینۆگرافیا وەک توخمێکی سەرەکی لە نمایشی شانۆییدا

سنوری شوێنی: هەرێمی کوردستان (سلێمانی شوێنی نمایشەکە).

## بەشی دوەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### تەوەری یەکەم: سینۆگرافیا و مێژوی سەرهەڵدانی

سینۆگرافیا (Scenography): یان دیمەنپێدانی شانۆ، بریتییە لە هونەری دروستکردنی دیمەن و شوێنی شانۆگەری، فیلم، یان هەر بەرهەمێکی بینراو، ئەم هونەرە تێکەڵەیەکە لە دیزاینی شوێن، ڕوناکی، کەرەستە و دیمەنپێدان، کە هەوڵدەدرێت بۆ دروستکردنی جیهانێکی واقیعی، یان خەیاڵی بۆ بینەر، بەم شێوەیە "سینۆگرافیا ڕەگ و ڕیشەی لە جیهانی کۆنەوە هەیە، کە بۆ یەکەمجار فەزای فیزیکی نمایش وەک پێکهاتەیەکی ژیانی نمایش ناسێندرا، لە سکینی شانۆی یۆنانییەوە تا دەگاتە ماکینەی ورد و درشتی قۆناغی بارۆک، پەرەسەندنی سینۆگرافیا ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کلتوری و تەکنەلۆژییە فراوانترەکانە، لە سەردەمی مۆدێرن، سینۆگرافیا لە دەرەوەی شانۆی باو فراوانتر بوە و فیلم و ئۆپێرا و تەنانەت مەجازیشی ـ لەخۆگرتوە، ژینگەکان، کە پەیوەندییە بەردەوامەکەی وەک فۆرمێکی هونەری دینامیکی و

نێوان زانستەکان نیشاندەدات." (لەتیف، ٢٠١٨، ١٢٠). سینۆگرافیا تەنها دیزاینی شوێن نییە، بەڵکو هونەرێکی گشتگیرە، کە هەمو لایەنەکانی شانۆگەری، یان فیلم لەخۆدەگرێت، لەوانە کەلوپەل، ڕوناکی، دەنگ و جولە.

**جۆرەکانی سینۆگرافیا لە شانۆدا:** سینۆگرافیا لە شانۆدا جۆر و شێوازی جیاواز لەخۆدەگرێت، هەریەکەیان خزمەت بەمەستی هونەری و گێڕانەوەی جیاواز دەکەن، شێوازی جیاوازی دروستکردنی دیمەن و شوێنی شانۆگەری پێشکەش دەکەن بەم شێوەیە "لە میانەی ئەو پێشکەوتنەی بەسەر سینۆگرافیادا هات، بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکاریانەی لە بواری هونەری دەرهێناندا ڕویدا سینۆگرافیاش بەپێی شێوازەکانی دەرهێنان بەسەر چەندین شێوازدا دابەش بو " (لەتیف، ٢٠١٨، ١٨٠). ئەمەش وادەکات، کەئەم جۆرانە لەگەڵ جۆری شانۆگەری و چیرۆکەکەدا بگونجێن و کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بینەر هەبێت، جۆرەکان لە دیزاینی واقیعی و سروشتییەوە دەستپێبکەن، تا دەگاتە نوێنەرایەتییە ئەبستراکت و هێمادارەکان، لێرەدا جۆرە سەرەکییەکانی سینۆگرافیا لە شانۆدا بە شێوەیەکی گشتگیر دەخەینەڕو.

١. **سینۆگرافیای ڕیالیستی (Realistic Scenography):** سینۆگرافیای ڕیالیستی هەوڵدەدات، کە شوێنی شانۆ بە شێوەیەکی واقیعی و نزیک لە ژیانی ڕۆژانە دروستبکات، ئەم جۆرە ئامانجی دوبارە دروستکردنەوەی ژینگەی ژیانی ڕاستەقینەیە بە تەختەی شانۆ و پرۆپ و جلوبەرگی ورد، ئەم جۆرە سینۆگرافیایە زۆرجار بۆ شانۆگەرییە ڕیالیستییەکان بەکاردەهێنرێت، وەک شانۆگەرییەکانی (ئەنتۆن چێخۆڤ)، یان (هێنریک ئیبسێن)، بەم شێوەیە "سینۆگرافیای ڕیالیستی پشت بە دروستکردنەوەی ژینگە ڕاستەقینەکان بە وردەکارییەوە دەبەستێت، لەگەڵ تیشک خستنە سەر وردەکارییە بچوکەکان، کە وا لە بینەر دەکەن، هەست بە ڕاستەقینەیی و تێوەگلانی لە شانۆنامەکەدا بکەن." (عبد الحمید، ٢٠١٥، ١٢٠).

٢. **سینۆگرافیای خەیاڵی (Fantasy Scenography):** سینۆگرافیای خەیاڵی بۆ شانۆگەرییە خەیاڵییەکان و ئەفسانەییەکان بەکاردەهێنرێت، کە سینۆگرافیا ئاماژەیە بۆ دروستکردنی شوێنی خەیاڵی، نا واقیعی، یان خەیاڵێك، کە بینەر دەگوازێتەوە بۆ جیهانێک لە دەرەوەی واقیعی ڕۆژانە، ئەم جۆرە سینۆگرافیایە زۆرجار پشت بە توخمە هێمادارەکان، ئەبستراکتەکان، یان سورڕیالییەکان دەبەستێت، بۆ وروژاندنی هەست، بیرۆکە، یان بابەتەکان، کە لە نوێنەرایەتیکردنی وشەیی تێدەپەڕن، بەم شێوەیە " سینۆگرافیای خەیاڵی ئاماژەیە، بۆ دروستکردنی ژینگەی شانۆیی خەیاڵی، سوریال، یان نا واقیعی، کە سەرپێچی لۆژیکی جیهانی ڕاستەقینە دەکەن، ئەم دیزاینانە زۆرجار هێما، فۆڕمی زیادەڕەوی، یان توخمە ئەبستراکتەکان بەکاردەهێنن، بۆ وروژاندنی هەست، یان مێتافۆر"(جودي، ٢٠١٢، ٥٢). ئەم جۆرە سینۆگرافیایە زۆرجار بۆ شانۆگەرییەکانی وەک شکسپیر، یان شانۆگەرییە فەنتازییەکان بەکاردەهێنرێت.

٣. **سینۆگرافیای ئەبستراکت (Abstract Scenography):** سینۆگرافیای ئەبستراکت بە شێوەیەکی نارون و ناڕاستەوخۆ دروست دەکرێت، کە دەتوانین وەك شێوازێکی هونەری سەیری بکەین، لە شانۆدا ڕێبازێکی ڕەمزییە، بۆ دیزاینی شانۆ، ئەم جۆرە سینۆگرافیایە زۆرجار بۆ شانۆگەرییە ئەوانتگارد و مۆدێرنەکان بەکاردەهێنرێت، کە سەرنج دەخاتە سەر گەیاندنی هەستەکان، بیرۆکەکان، یان بابەتەکان، نەک دوبارەکردنەوەی ژینگەکانی جیهانی ڕاستەقینە. زۆرجار شێوە و ڕەنگ و فۆڕمی ناباو بەکاردەهێنێت، بۆ دروستکردنی زمانێکی بینراو، کە ڕیالیزم تێدەپەڕێنێت، بەم شێوەیە "سێنۆگرافیای کورتکراوە لە شانۆدا، نەک تەقلیدکردنی جیهانی ڕاستەقینە، سینۆگرافیای ئەبستراکت وێناکردنی واقیعی ڕەتدەکاتەوە، لە بەرژەوەندی دیزاینی هێمادار، ئەندازەییەکان، یان مینیمالیستییەکان، کە هەست، چەمک، یان مێتافۆر دەوروژێنن، جەخت لەسەر دەربڕینی چەمک و هەستەکان دەکاتەوە، لە ڕێگەی شێوە و ڕەنگ و فەزای ناڕاستەقینەوە. لەم ڕێبازەدا دیزاینی شانۆ دەبێتە زمانێکی بینراو، کە بینەر بۆ بیرکردنەوە و لێکدانەوەی کەسی بانگهێشت

دەکات، ئەم جۆرە لە سینۆگرافیا ڕێگە بە دەرهێنەر و دیزاینەر دەدات، کە چەمکە قوڵتر و ئاڵۆزترەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانە دەربڕێت." (ثمینی، ١٣٩٩، ١٢).

٤. **سینۆگرافیای مێژوویی** (Historical Scenography): سینۆگرافیای مێژوویی لە شانۆدا بوارێکی تایبەتمەندە، کە تیشک دەخاتە سەر دوبارە دروستکردنەوەی توخمە بینراو و کلتورییەکانی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو، کە هەوڵدەدات شوێنی شانۆ بە شێوەیەکی واقیعی لە سەردەمی مێژوییە دیاریکراوەکان دروستبکات، بەم شێوەیە "دیزاینکردنی سینۆگرافیای مێژوویی پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوڵ هەیە لەو سەردەمەی، کە وێنا دەکرێت، لەوانە ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوریانەی، کە کاریگەرییان لەسەر ژینگەی بینراو هەیە. ئەم جۆرە دیزاینە پشت بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی ورد و بەکارهێنانی ئەو کەرەستە و تەکنیکانە دەبەستێت، کە لەو کاتەدا باوبون".(عبدالمنعیم، ٢٠١٧، ٨٩). ئەم جۆرە سینۆگرافیایە زۆرجار بۆ شانۆگەرییە مێژووییەکان بەکاردەهێنرێت، وەک شانۆگەرییەکانی شکسپیر، یان شانۆگەرییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و گرنگیدان بە وردەکارییەکان و تێگەیشتنێکی قوڵ هەیە، لەو سەردەمەی، کە وێنادەکرێت.

٥. **سینۆگرافیای سیمبۆلیک** (Symbolic Scenography): سینۆگرافیای سیمبۆلیک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە بەکارهێنانی هێماییەکان دروست دەکرێت، سینۆگرافیا لە شانۆی هێماگەراییدا بە جەختکردنەوە لەسەر ئەبستراکت و مێتافۆر و وروژاندنی هەست و بیرۆکەکان دەناسرێتەوە، نەک نوێنەرایەتیکردنی واقیعی، بەجۆرێك "سینۆگرافیای هێمادار ڕێبازێکی دیزاینی شانۆییە، کە مێتافۆر و مۆتیڤی کلتوری و نوێنەرایەتییە ئەبستراکتەکان لە پێشینەی ڕیالیزمی وشەیی دادەنێت، قۆناغەکە بۆ هێماداری بینراو دەگۆڕێت، کە هەمو توخمێک- پرۆپ، ڕەنگ، پێکهاتە و ڕێکخستنی فەزایی- هەڵگری مانای تایبەتی خۆیەتی و هەمو شتێك، کە بەکاردێت لە سینۆگرافیای سیمبۆلیك ڕەمزێکی تایبەتە و بێ هۆکار نییە" (امجد، ١٣٩٧، ٩٣). سینۆگرافیای سیمبۆلیک هەوڵدەدات، کەشێکی خەوناوی و شیعریی دروست بکات، کە لە لێکدانەوەی وشەیی تێپەڕێت، تیشک دەخاتە سەر جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکان و تەوەرە گشتگیرەکانی شانۆنامەکە، ئەم جۆرە سینۆگرافیایە، زۆرجار بۆ شانۆگەرییەکانی وەک (ساموێل بێکێت)، یان شانۆگەرییە ئەوانتگاردەکان بەکاردەهێنرێت، سینۆگرافیای هێمادار ڕێبازێکی دیزاینی شانۆییە، کە مێتافۆر و مۆتیڤی کلتوری و نوێنەرایەتییە ئەبستراکتەکان لە پێشینەی ڕیالیزمی وشەیی دادەنێت، قۆناغەکە دەگۆڕێت بۆ شیعرێکی بینراو، کە هەمو توخمێک- پرۆپ، ڕەنگ، پێکهاتە و ڕێکخستنی فەزایی- هەڵگری مانای چیندارە.

### تەوەری دوەم: توخمە بنچینەیەکانی سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆییدا

سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆییدا فۆرمێکی هونەری گشتگیر و فرە پسپۆڕییە، کە بریتییە لە هونەری دروستکردنی دیمەن و ئاماژە، بۆ هونەری دیزاینکردن و دروستکردنی ژینگەی بینراو و فەزای نمایشێک، کە تێکەڵەیەکە لە چەندین توخمی بنچینەیی، ئەم توخمانە پێکەوە کاردەکەن، بۆ دروستکردنی جیهانێکی واقیعی، یان خەیاڵی بۆ پشتگیریکردنی گێڕانەوەکە و بەرزکردنەوەی مەزاج و نوقمکردنی بینەر لە جیهانی شانۆنامەکەدا، بەم شێوەیە " سینۆگرافیا هونەرێکی هەمەلایەنەیە، کە هونەرەکانی تری وەک تەلارسازی، دیکۆرات، ڕوناکی، ئیکسسوارات لەخۆدەگرێت و لەگەڵ تەکنەلۆژیا تێکەڵیان دەکات، بە ئامانجی پێکهێنانی پێکهاتەی دیمەنێکی پڕ لە هەست و سۆز"(جودي، ٢٠١٢، ٣٥). لێرەدا، توخمە بنچینەییەکانی سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆییدا بە شێوەیەکی گشتگیر دەخەینەڕو.

- **دیزاینی شوێن** (Set Design): تەختەی شانۆ ئەو ژینگە فیزیاییەیە، کە کردارەکە تێیدا ڕودەدات، پێکهاتە و باگراوند و پرۆپەکان لەخۆدەگرێت، کە ڕێکخستنەکە دیاری دەکەن، دیزاینی شوێن، یان دیزاینی دیمەن بریتییە لە دروستکردنی شوێنی شانۆگەری، کە ئەکتەرەکان لەسەری دێنودەچن و چیرۆکەکە لە ناویدا ڕودەدات. کەواتە " دیزاینی شوێنی شانۆیی سەبارەت بە مانا و تەوەرە مەبەستدارەکانە لە ڕێگەی بنیاتنانی پێکهاتەیی وردەکارییەکانیەوە، کە لەگەڵ

یەکتردا سەردەکەون و ئەم وردەکاریانە وەك پرۆپ و ڕوناکی و جلوبەرگ و...هتد، یەك دەگرن، بۆ ئەوەی شوێنێك بۆ نمایش فەراهەم بکەن، کە مەبەستی دەرهێنەر بپێکێ و هەست و سۆز بە بینەر ببەخشێ" (زنکەنە، ٢٠١٠، ٨). دیزاینی شوێن دەبێت لەگەڵ چیرۆکەکە و شێوازی شانۆگەرییەکەدا بگونجێت. نمونە: کۆمەڵەیەکی واقیعی ڕەنگە ژورێکی وێنەکێشانی سەدەی نۆزدەهەم دروستبکاتەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵەیەکی ئەبستراکت دەتوانێت شێوەی ئەندازەیی بەکاربهێنێت، بۆ هێماکردنی هەستەکان، یان بیرۆکەکان.

- **ڕوناکی** (Lighting): ڕوناکی یەکێکە لە توخمە بنچینەییەکانی سینۆگرافیا، کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دیمەنی شانۆگەری هەیە، ڕوناکی بۆ دروستکردنی مەزاج و چڕکردنەوەی سەرنج و تیشک خستنە سەر ساتەکانی سەرەکی لە نمایشەکەدا بەکاردێت، ڕوناکی دەتوانێت هەست و بارودۆخی شانۆگەرییەکە بگۆڕێت و تیشک بخاتە سەر ئەکتەرەکان و شوێنی شانۆ، بەم شێوەیە "ڕوناکی شانۆیی فۆرمی جۆراوجۆر وەردەگرێت، بۆ دەربڕینی جوانیناسی جۆراوجۆر لە نمایشی- شانۆدا، لەوەتەی شانۆ دروستبوە، گرینگترین ئەرکی ڕوناکی ئاشکراکردنی ڕەوتی ڕوداوە دراماتیکییەکانە، وەک ئەرکە ئاساییەکەی لە سروشتدا، ڕوناکی بەهای دیمەنە شانۆییەکان و هەست و سۆز زیاد دەکات، وەك توخمێکی سەرەکی بۆ دەرخستنی جوانییەکانی دیمەنێکی شانۆیی"(العدوي، ٢٠١٨، ٧٨). دەتوانێت ڕوناکی سروشتی هاوشێوە بکات (بۆ نمونە تیشکی خۆر، یان ڕوناکی مانگ)، یان کاریگەری دراماتیک دروستبکات، (بۆ نمونە سێبەر، یان سپۆتلایت). نمونە: ڕوناکی کاڵ و گەرم دەتوانێت کەشێکی ئارام دروستبکات، لە کاتێکدا ڕوناکی توند و سارد ڕەنگە گرژی، یان مەترسی بوروژێنێت.

- **کەلوپەل** (Props): کەلوپەل، یان ئێکسسوارات هەمو ئەو پێداویستییانەن، کە ئەکتەرەکان بەکاریاندەهێنن لە کاتی نمایشی- شانۆگەرییەکەدا، بەم شێوەیە "کەلوپەل بریتییە لە سەرجەم ئەو پێداویستییانەی ئەکتەر لە کاتی نمایشدا بەکاریاندەهێنێت، بەپێی خواستی دەقی نوسەر، یان پێداویستی کارەکتەر یاخود دەقی دەرهێنەر، تیۆرناسانی شانۆ، کەم تا زۆر بەپێی ستایلە جیاوازەکان گرینگییان بەم پێکهاتە سینۆگرافیا داوە، لە هەمان کاتدا هەندێکیان دەستبەرداری بون" (لەتیف، ٢٠١٨، ١٥٦). کەلوپەل دەکرێت وەک کەلوپەلی ناوماڵ، کەلوپەلی دەرەکی، یان کەلوپەلی خەیاڵی بن، کەلوپەل دەبێت لەگەڵ چیرۆکەکە و شوێنی شانۆدا بگونجێن.

- **جلوبەرگ** (Costume Design): جلوبەرگ بریتییە لە دیزاینی جلوبەرگی ئەکتەرەکان، کە دەبێت لەگەڵ کەسایەتی و چیرۆکەکەدا بگونجێن، جلوبەرگ دەتوانێت کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکە بە شێوەیەکی واقیعی، یان خەیاڵی پیشانبدات. بۆیە دەتوانین بڵێین: "جلوبەرگ پێکهاتەیەکی سەرەکی سینۆگرافیای نمایشە، ئەم گرنگییەش دەگەڕێتەوە بۆ (ئەسخلیۆس)، کە یەکەم کەس بو بۆ هەر ئەکتەرێك جلوبەرگی تایبەتی دانا، بەواتایەکیتر ئەو بڕیاریدا لە ئاهەنگی سروتئامێز پەرستی (دیۆنیسوس) جلوبەرگی پەرستن تایبەتمەندی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەمامك و جلوبەرگی قۆڵ درێژی بەکارهێنا، پۆشاك بە شێوەیەکی گشتی هەڵگری چەندین ئاماژەیە، چ وەك جۆر، چ وەك ڕەنگ، چ وەك مۆرکی نەتەوەیی و ئایینی و کلتوری، یان بەپێی ئیشوکاری مرۆڤەکان"(لەتیف، ٢٠١٨، ٧٤).

- **دەنگ** (Sound Design): دەنگ لە شانۆدا ئامرازێکی هەمەلایەن و بەهێزە، دەنگ یەکێکە لە توخمە بنچینەییەکانی سینۆگرافیا، کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دیمەنی شانۆگەریدا هەیە، کە دەنگی سروشتی، یان دەستکرد بەکاردەهێنێت، بۆ دروستکردنی ژینگەی نوقمکەر، دیزاینەران بە گۆڕینی دەنگ و مۆسیقا، دەتوانن هەست و باری دەرونی تایبەت بوروژێنن، ئەمەش پەیوەندی بینەر بە چیرۆکەکەوە بەرزدەکاتەوە، بەجۆرێك " مۆسیقا و کاریگەرییە دەنگییەکان کاریگەری هەستیاری و دەرونیان هەیە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانیت کەشوهەوای گشتی نمایشەکە دروستبکەیت و بەها جوانکاریی و دەربڕینەکان کۆنترۆڵ بکەیت، لە هەمان کاتدا دەتوانن سەلیقەی وەرگر بەرەو کامڵبون و هەستکردن بە جوانی نمایشەکە و کارلێکی تەواو لەگەڵ نمایشکردنی توخمە شانۆییە بینراوەکاندا

بەرزبکەنەوە." (جودي، ٢٠١٢، ٧٢). هەروەها دەنگ ڕۆڵێکی سەرەکی لە تیشک خستنە سەر چیرۆک و کارەکتەرەکان دەگێڕێت، دڵنیای دەدات لەوەی بینەر سەرقاڵی دەمێنێتەوە و لە ڕوی هەست و سۆزیەوە وەبەرهێنان لە نمایشەکەدا دەکات.

- **ئارایشـــت (Makeup)**: ئارایشـــت بریتییە لە دیزاینی دەموچاوی ئەکتەرەکان، کە دەبێت لەگەڵ کەســـایەتی و چیرۆکەکەدا بگونجێت، بەکاردەهێنرێت، بۆ دیزاینکردنی دەموچاو لەسەر بنەمای کەسایەتی و چیرۆک و دروستکردنی کاریگەری تایبەت و زیادکردنی وردەکاری زۆر بۆ ژیانکردنی کارەکتەرەکان، لەبەرئەوەی "ئارایشت کێشانی وێنە و تابلۆیە لەسەر دەموچاو، یان لەسەر ڕوخسار، ئەکتەر ڕوخساری خۆی دەگۆڕێت، یان دەستبەرداری ڕوخسار و سەر و سیمای خۆی دەبێت لەپێناو خولقاندنی ئەویتر، واتا کارەکتەر، ئەوە ئارایشـــتە دەبێتە هۆکار بۆ هەڵچونی دەرەکی و ناوەکی کارەکتەر " (لەتیف، ٢٠١٨، ١٢٧). ئەم توخمانە یارمەتی ئەکتەرەکان دەدەن، کە ڕۆڵەکانیان بەتەواوی بەرجەستە بکەن و بینەر لە چیرۆکەکەدا نوقم بکەن، ئارایشت دەتوانێت شانۆییەکانی شانۆگەرییەکە بە شێوەیەکی واقیعی، یان خەیاڵی پیشانبدات.

- **جوڵە و شـــوێنی ئەکتەرەکان (Blocking and Movement)**: جوڵە و شـــوێنی ئەکتەرەکان بریتییە لە دیزاینی شوێنی جوڵەی ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ، ئەم توخمە دەبێت لەگەڵ چیرۆکەکە و شوێنی شانۆدا بگونجێت، دیزاینی فەزای جوڵەی ئەکتەرەکان، جوڵەی ئامانجدار و مانادار لەسەر شانۆ مسۆگەر دەکات، چونکە "جوڵەی ئەکتەر لەسەر شانۆ توخمێکی بنەڕەتییە لە دیزاینی دیمەنەکاندا، نەک تەنها پەیوەندییەکانی نێوان کارەکتەرەکان پێناسە دەکات، بەڵکو ڕیتمی بینراوی نمایشەکەش دادەڕێژێت و سەرنجی بینەر ئاڕاستە دەکات، پێگە و دوری نێوان ئەکتەرەکان گوزارشت لە دینامیکی دیمەنەکە دەکات و کاریگەری لەســـەر لێکدانەوەی دەقەکە هەیە." (عبد الحمید، ١٩٩٥، ٧٠). بەکارهێنانی جوڵە بۆ دروستکردنی هەست و مەزاج یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی چیرۆکەکە، لەکاتێکدا وردەکارییەکی زۆر لە دیزاینەکەدا دڵنیای دەدات لەوەی فەزاکە پشـــتگیری گێڕانەوەکە دەکات و ئەزمونی بینەر بەرزدەکاتەوە، ئەم توخمانە پێکەوە ژیان بەبەر نمایشەکەدا دەکەن.

**تەوەری سێیەم: چۆنییەتی بەکارهێنانی سینۆگرافیا لە شانۆی کوردیدا:**

نیشـاندانی کلتور و مێژوی کوردی: نیشـاندانی فەرهەنگ و مێژوی کورد لە ڕێگەی سـینۆگرافیای نمایشی۔ شـانۆییەکاندا ڕێگەیەکی قوڵ و نوقمکەر پێشـکەش دەکات، بۆ پەیوەندیکردن بە میراتی دەوڵەمەند و خەباتەکانی گەلی کورد، چونکە "ئەو خاکەی یادەوەریمان تێیدا گەشـە دەکات، هەر دیوارێکی درزاوی ئەنفال دەچرپێنێت، سـێبەری هەر تەپڵێکی داف، بە خۆشیمان سەما دەکات."(مستەفا، ٢٠٢٢، ٧). سینۆگرافیا بە هێنانە ناوەوەی توخمە ڕەسەنەکانی وەک جلوبەرگی نەریتی و پڕۆپی ڕەمزی و شـــوێنی گرنگ لەڕوی کلتورییەوە، نەریتە زیندوەکان، ڕوداوە مێژوییەکان و قوڵایی هەســـت و سـۆز چیرۆکە کوردییەکان زیندو دەکاتەوە، بەکارهێنانی ڕەمزی ڕەنگەکان، وەک سـور بۆ قوربانیدان و سـەوز بۆ هیوا، دەتوانێت ڕەنگدانەوەی خۆڕاگری و خواســـتەکانی گەلی کورد بێت، ڕوداوە مێژوییەکان، وەک هەڵمەتی ئەنفال، یان شـــەڕی ئازادی، دەتوانرێت لە ڕێگەی ســـێتی دیزاین و ڕوناکی توند و وروژێنەرەوە، کە ئازار و کۆڵنەدانی ئەزمونی کورد دەگەیەنن، بە هێزەوە وێنا بکرێن. ســـینۆگرافیا بە بونی ئەم توخمە کلتوری و مێژوییانە لەناو پەیکەری بینراو و فەزایی نمایشـەکەدا نەک هەر بینەر پەروەردە دەکات، بەڵکو پەیوەندییەکی هەسـت و سـۆز قوڵتر بە شـوناسی کورد و ڕۆحی هەمیشـەیی ئەوەوە پەروەردە دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی سـینۆگرافەرێکی شـارەزاوە دێتەدی، کە پێویسـتە شـارەزایی لە کلتور و مێژوی کورددا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت دیمەن و کەشـوهەوایەکی گونجاو بۆ چیرۆکە کوردییەکان دروسـت بکات.

ڕۆڵی سینۆگرافیا لە نمایش شانۆیی کوردیدا: سینۆگرافیا، هونەری دیزاینکردنی دیمەن و کەشوهەوای شانۆیی، ڕۆڵێکی بنەڕەتی و فرەڕەهەند لە نمایشی۔ شانۆیی کوردیدا، ئەم هونەرە، کە پێشتر وەک پاشخانێک بۆ ئەکتەرەکان و چیرۆکەکە

سەیردەکرا، ئێستا بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی دروستکردنی شانۆ و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گەیاندنی پەیام و هەست و سۆز بە بینەر هەیە، هەر بۆیە "جوانی سینۆگرافیا لە شانۆی کوردیدا لە دروستکردنی ژینگەیەکی ورد و نوقمکەردایە، کە چیرۆکەکە زیاتر سەرنجڕاکێش دەکات، بەکارهێنانی ڕوناکی و ڕەنگەکان یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی هەست و باری دەرونی شانۆنامەکە" (ئیسماعیل، ٢٠١٥، ١٢٠). بە تێکەڵکردنی توخمە ڕەمزییەکان و پرۆپی ڕەسەن و ڕوناکی دینامیک، ژیان بەبەر چیرۆکەکەدا دەکات و بەقوڵی پەیوەندی بە بینەرانەوە دروستدەکات و جەوهەری کلتوری و مێژویی گەلی کورد دەپارێزێت، ئەم ئامرازە هونەرییە نەک هەر ئەزمونی شانۆیی بەرزدەکاتەوە، بەڵکو وەک میدیۆمێکی بەهێز بۆ ئاهەنگگێڕان و هاوبەشکردنی شوناسی کوردیش کاردەکات، لەم توێژینەوەیەدا، بەوردی ڕۆڵی سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆییدا دەخەینەڕو، لە ڕوانگەی مێژویی، کلتوری و هونەرییەوە.

مێژوی سینۆگرافیا لە شانۆی کوردیدا: سینۆگرافیا لە شانۆی کوردیدا، وەک خودی شانۆ، مێژویەکی دورودرێژی نییە، بەبەراورد بە شانۆی وڵاتانی دیکە. سەرەتاکانی شانۆی کوردی، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، سینۆگرافیا زۆر سادە و سەرەتایی بوە، بەهۆی کەمی ئیمکانات و شارەزاییەوە، زیاتر پشت بە کەرەستەی سادە و دیمەنی سروشتی بەستراوە، بۆ دروستکردنی کەشوهەوا، بەڵام بە تێپەڕبونی کات و پەرەسەندنی شانۆی کوردی، سینۆگرافیا گەشەی کردوە و تەکنیک و شێوازی نوێ هاتونەتە ئاراو، بەم شێوەیە "سینۆگرافیا لە شانۆی کوردیدا پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە دیزاینە سادەکانی شانۆوە بۆ دروستکردنی جیهانی نوقمکەر و هەست و سۆز، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پێشکەشکردنی چیرۆکی کوردی بە شێوەیەکی هونەری".(عەبدوڵا، ٢٠١٩، ٨٩).

ڕۆڵی کلتور لە سینۆگرافیادا: کلتور و دابونەریت ڕۆڵێکی گرنگ لە دیزاینی سینۆگرافیای شانۆییدا دەگێڕێت، سینۆگرافەر دەتوانێت هێما و ئاماژە کلتورییەکان، وەک جلوبەرگ، ئەندازە، ڕەنگ و موزیک، بەکاربهێنێت، بۆ دروستکردنی کەشوهەوایەکی ڕەسەن و پەیوەندیدار بە کۆمەڵگەی کوردی، بەکارهێنانی ئەم هێما و ئاماژانە، نەک تەنها جوانی بە دیمەنەکان دەبەخشێت، بەڵکو دەتوانێت پەیامێکی قوڵتر و واتادارتر بگەیەنێتە بینەر، چونکە "سینۆگرافیای ئێمە ئەو خاکەیە، کە کلتور ڕەگی دادەکوتێت، هەمو بەرد و سێبەر و تارێک ئەو گۆرانیانە دەڵێتەوە، کە سنورەکانمان هەوڵیاندا بێدەنگیان بکەن." (مستەفا، ٢٠٢٢، ٣١). سینۆگرافیا زۆر سود لە میراتی دەوڵەمەندی کلتوری گەلی کورد وەردەگرێت، توخمە باوەکانی وەک فەرشەکانی دەستی، مۆسیقای فۆلکلۆری لەخۆدەگرێت، بۆ دروستکردنی ژینگەی شانۆیی نوقمکەر و مانادار، ئەم هێما کلتوریانە نەک هەر لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا زەمینەسازی بۆ نمایشەکە دەکەن، بەڵکو هەستێکی قوڵی ناسنامە و شانازی لەنێو بینەرانی کورددا دەوروژێنن. بۆ نمونە شانۆیەک، کە بە شێوەیەک داڕێژراوە، لە گوندێکی تەقلیدی کوردی بچێت، شوانێك، شمشاڵێك و چەند خانویەکی سادە، دەتوانێت بینەر بۆ دڵی ژیانی کورد بگوازێتەوە، سەرەڕای ئەوەش، زۆرجار سینۆگرافیا ڕەنگدانەوەی ململانێی مێژویی و خۆڕاگری گەلی کوردە، سینۆگرافیای بەبونی ئەو توخمە فەرهەنگی و مێژوییانە لەنێو پەرۆی بینراوی نمایشەکەدا دەبێتە کەرەستەیەکی بەهێز بۆ پاراستن و ئاهەنگگێڕان بە شوناسی کوردی، هاوکات بینەر بە تەوەرە گشتگیرەکانی ئەزمونی مرۆڤایەتی دەبەستێتەوە.

سینۆگرافیا وەک ڕێگەیەک بۆ گێڕانەوەی چیرۆک: سینۆگرافیا دەتوانێت وەک ڕێگەیەکی کاریگەر بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و ڕونکردنەوەی ڕوداوەکان بەکاربهێنرێت، شانۆ بۆ گێڕانەوەی بینراو دەگۆڕێت، کە تەواوکەر و بەرزکردنەوەی سیناریۆکەیە لەڕێگەی دیزاینی سێت و ڕوناکی و پرۆپ و ڕێکخستنی فەزاوە، سینۆگرافیا ژینگەیەکی لەبار دروست دەکات، کە کات و شوێن و مەزاج دەگەیەنێت، بەم شێوەیە "سینۆگرافیا گێڕەرەوەی بێدەنگی مێژوی نەنوسراومانە، کە شاخەکان لە زەوییە شکاوەکانەوە بەرزدەبنەوە و سێبەرەکان چرپە دەکەن، کە زمانەکان ناتوانن چیتر قسەبکەن." (مستەفا، ٢٠٢٢، ٢٣). ئەمەش ڕێگە بە بینەر دەدات، چیرۆکەکە لە ئاستێکی قوڵتردا ئەزمون بکات. بۆ نمونە، کۆمەڵەیەکی وردەوردە و کەم ڕوناکی دەتوانێت، هەستێکی خراببون و بێهیوایی بوروژێنێت، لە کاتێکدا قۆناغێکی زیندو و ڕەنگاوڕەنگ ڕەنگە هێمای هیوا و نوێبونەوە بێت. هەروەها سینۆگرافیا هێما و مێتافۆر بەکاردەهێنێت، بۆ گەیاندنی بابەت و هەستەکان، وەک دارێکی تاقانە، کە نوێنەرایەتی گۆشەگیری دەکات، یان پلیکانێک، کە هێمای گەشتی کارەکتەرێکە. هەروەها "دیوارە ڕوخاوەکان دەبنە ئەرشیفی ئاوارەبون و کۆپانەکانی تۆز وەک ئەستێرەی دەربەدەر

دەدرەوشێنەوە، وەک شایەتحاڵ نارەزایەتی دەردەبڕێت، تاکە تەپڵێکی دەف، کە لە ناوەڕاستی هەوادا هەڵواسراوە، هەم ئاهەنگ و هەم لەدەستدان دەنگ دەداتەوە" (مستەفا، ٢٠٢٢، ٢٣). بە تێکەڵکردنی ئەم توخمە بینراوانە، سینۆگرافیا دەبێتە بەشداربویەکی چالاک لە پرۆسەی نمایشدا، گێڕانەوەکە دەوڵەمەند دەکات و خەیاڵی بینەر سەرقاڵ دەکات، پردێک لەنێوان وشەی نوسراو و ئەزمونی بینراودا دروستدەکات، چیرۆکەکە زیندوتر و لەبیرنەکراوتر و کاریگەرتر لەڕوی هەست و سۆزیەوە دەکات، یان بەکارهێنانی ڕەنگی سور لە دیمەنێکدا دەتوانێت ئاماژە بێت بە مەترسی، یان خوێنڕشتن، بەبێ ئەوەی ئەکتەرەکان بەڕاشکاوی باسیبکەن.

**بەشی سێیەم: بەجێهێنانی توێژینەوەکە**

**١- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**:کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، لە نمایشی شانۆیی(کۆچبەران)پێکدێت، کە توخمەکانی سینۆگرافیا بەشیوەیەکی مانادار بەکارهاتون، وەک لە سنوری توێژینەوەکەدا دیاریکراوە.

**٢- نمونەی توێژینەوەکە**: توێژەر بەڕێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەدا، نمونەی توێژینەوەکەی بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژاردوە، ئەویش بە شێوەیەک، کە لەگەڵ گرنگترین خاڵەکانی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەدا یەکانگیربێت، بۆ ئەم مەبەستەش نمایشی- شانۆیی(کۆچبەران)، کە لەڕێگە لینکی یوتوبی و، DVDەوە دەستنیشانکراوە.

**٣- ئامرازەکانی توێژینەوەکە**: بۆ ئەوەی توێژەر بەڕێگایەکی گونجاو و دروستدا تێپەڕێت و، بگات بە ئامانجی سەرەکی خۆی، پشتی بەم ئامرازانەی خوارەوە بەستوە:

ا- گرنگترین خاڵەکانی چوارچێوەی تیۆری

ب- تێبینی توێژەر .

پ- ژێدەر و لێکۆڵینەوەی دیکە .

ت- ڤیدیۆ.

**٤-میتۆدی توێژینەوەکە**: توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی(وەسفی شیکاری) دەبەستێت، بۆ شیکردنەوەی نمونەی توێژینەوەکە، لەبەر ئەوەی ئەم میتۆدە هاوکاردەبێت، بۆ دۆزینەوەی ڕێکاری گونجاو بۆ کێشەی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە.

١- **شیکردنەوەی نمونەی توێژینەوەکە**:

شانۆیی کۆچبەران

نوسینی: سلاڤومێر مرۆژیک

ئامادەکردن و دەرهێنانی: فازڵ جاف

سینۆگرافیا: شیراز عەزیز

تەکنیک: شوان حمە سەعید

شوێنی نمایش: سلێمانی، هۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان

نواندنی: ڕێباز محمد، گۆران نامیق

چیرۆکی شانۆنامەی (کۆچبەران) باسی دو پیاو دەکات، کە لە وڵاتێکی نامۆدا دەژین و هەست بە نامۆیی دەکەن، ئەم دو پیاوە، کە یەکێکیان نوسەرە و ئەوی دیکەیان کرێکارە، لە ژورێکی بچوک و تاریکی ژێرزەمینی باڵەخانەیەکدا دەژین، ژورەکە هیچ پەنجەرەیەکی نییە، بۆیە هەمیشە تاریکە و هەستێکی ناخۆشی زیندان ئاسایی هەیە، نەبونی ڕوناکی لە ژورەکەدا تەنها تاریکییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو نیشانەی تاریکی و بێهیوایی ژیانی ئەم دو کۆچبەرەیە، کەسایەتی نوسەرەکە، کە هەمیشە سەرقاڵی نوسینی نامەیە بۆ کەسێکی نەناسراو، بەڵام وەڵامی نامەکانی وەرناگرێتەوە، ئەمەش وای لێدەکات، زیاتر هەست بەتەنیایی و دابڕان بکات، ئەو لە جیهانێکی خەیاڵی خۆیدا دەژی و بە نوسینی نامە بێوەڵامەکان هەوڵدەدات، پەیوەندی

بە جیهانی دەرەوە بکات، بەڵام سەرکەوتو نابێت، هەروەها هەمیشە ترسێکی لە ناوەوەیە، هەست بەوە دەکات، کە کەسێک بەنهێنی چاودێری دەکات، ئەمەش دڵەڕاوکێ و بێهیواییەکەی زیاتر دەکات، بەڵام هەمیشە ڕوناکیەک بۆ خۆی بەدیدەکات، بۆیە دەڵێت: "لێرە ئەتوانیت ڕوبەڕوی کێشە گەورەکان ببیتەوە. مەزنی مرۆڤ تەنیا لە شتی گەورەیا دەرئەکەوێ، هیچ سەرکەوتنێکیش بەبێ مەترسی نایەتەدی... بەڵێ، ئەبێ گەورە بیر بکەیتەوە، بیر لەشتی گەورە بکەیتەوە، ڕاستە، بۆ من ئیتر مێش لە ئارادا نییە"(کۆچبەران، خولەکی 15:50)، کەسایەتی کرێکارەکە، کە زیاتر واقیعبینە، هەوڵدەدات، کارێک بدۆزێتەوە، بۆ باشترکردنی ژیانیان، بەڵام هەرچەند هەوڵدەدات، سەرکەوتو نابێت و بێهیوا دەبێت، باسی هەژاری خۆی دەکات و دەڵیت: "چونکە ڕقم لە هەژارییە. من حەز ئەکەم شتم هەبێت، کە من شتێکم هەبێ، یەعنی خاوەنی شتێکم. کە لەدەستیشی ئەیەم، ئەو شتە ئیتر هی من نییە"(کۆچبەران، خولەکی 1:06:23)، ئەم جیاوازییە لە کەسایەتی و بیرکردنەوەی نێوان نوسەر و کرێکارەکە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە زۆرجار توشی دەمەقاڵێ و ناکۆکی ببن، قسە و گفتوگۆ بێماناکانی نێوانیان و دوبارەکردنەوەی قسەکان نیشانەی بێزاری و بێمانایی ژیانیانە، لە کۆتاییدا هەردوکیان بیر لە مردن دەکەنەوە، وەک ڕێگەچارەیەک بۆ ڕزگاربون لە ئازارەکانیان."کرێکار: بنوسە. نوسەر: (دەنوسێ) بیری تۆ و منداڵەکان ئەکەم

کرێکار: باشە

نوسەر: هەر بۆیە خۆم هەڵئەواسم

کرێکار: چی؟

نوسەر: خۆم هەڵئەواسم

کرێکار: نا... ئەوەنا... ئەوە مەنوسە

نوسەر: بەڵام ئەوە ڕاستییە

کرێکار: مەسەلە ئەوە نییە.

نوسەر: ئۆکەی (دەنوسێت) من خۆم هەڵئەواسم، چونکە هیچ بیرت ناکەم

کرێکار: نا"(کۆچبەران، خولەکی 1:29:23)، ئەم بیرکردنەوەیە نیشانەی قوڵ بێهیوایی و نائومێدی ئەوانە لە ژیان. شانۆنامەکە نەک تەنها باسی دۆخی سەختی کۆچبەران دەکات، بەڵکو باسی ئەو بێهیوایی و ونبونە دەکات، کە مرۆڤ لە جیهانێکی نامۆ و بێباکدا هەستی پێدەکات. (کۆچبەران) پرسیاری گرنگ لەبارەی مانای ژیانی مرۆڤ دەوروژێنێت لە کۆمەڵگەیەکی نوێدا، کە تیایدا مرۆڤ لە خەون و ئاواتەکانی دابڕاوە و تەنیا لەگەڵ ڕاستییەکی تاڵ و ناخۆشدا دەژیت.

**شیکردنەوەی نمونەی توێژینەوەکە**

شانۆی (کۆچبەران)، کە (سلاڤۆمیر مرۆژێک) نوسیویەتی و (فازڵ جاف) کاری دەرهێنانی بۆ کردوە، چیرۆکی دو کۆچبەری بێناو دەگێڕێتەوە، کە لە ژورێکی تاریک و بچوکی ژێرزەمینی باڵەخانەیەکدا دەژین، (شیراز عەزیز)، بە شێوازێکی زۆر جوان و کاریگەر، ئەو ژینگە ناخۆش و بێهیوایەی، کە کۆچبەرەکان تێیدا دەژین، بۆ بینەری دروستکردوە. سینۆگرافەر لە شانۆی (کۆچبەران)دا، زۆر بە جوانی سینۆگرافیای بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی هەستی ڕاستەقینەی کۆچبەران بگەیەنێتە بینەر، ئەو نەیهێشتوە نمایشەکە تەنیا وینەیەک بێت، بەڵکو کردویەتییە شوێنێک، کە بینەر هەست بکات، خۆی لەوێیە و ئازاری کۆچبەران پیشانبدات و هەستی پێبکات.

سینۆگرافیای شانۆیی، وەک زمانێکی نهێنی و پڕ لە کۆد، بەبێ وشە چیرۆک دەگێڕێتەوە، لە شانۆگەرییدا، سینۆگرافیا ئەو هونەرەیە، کە ڕوناکی، ڕەنگ، دەنگ، جلوبەرگ بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی بینەر بباتە ناو جیهانێکی خەیاڵی و هەست بە ئەزمونێکی ڕاستەقینە بکات، جوانیی سینۆگرافیا لەوەدایە، کە دەتوانێت هەستەکان بجوڵێنێت و بیرکردنەوەکان بوروژێنێت، بەبێ ئەوەی پێویست بکات، وشە بەکاربهێنرێت، دەتوانێت چیرۆکێک بگێڕێتەوە، کە هەزاران وشە ناتوانن بیگێڕنەوە، بۆ نمونە، لە شانۆگەرییەکەدا، کە باس لە ژیانی کۆچبەران دەکات، سینۆگرافیا دەتوانێت، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ بگێڕێت، دیکۆری ژورێکی ژێرزەمینی تاریک و نائومێد، بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەک بڵێت، دەتوانێت هەست بە

گیرخواردن و نائومێدیی کۆچبەران بدات، ڕەنگە تاریکەکان، وەک ڕەش و ڕەساسی تۆخ، دەتوانن ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەستی بینەران دروستبکەن و دڵتەنگی و ترس بخەنە دڵیانەوە، هەمان ئەو هەستانەی، کە کۆچبەران ڕۆژانە ئەزمونی دەکەن، ڕوناکییەکی کز، وەک تیشکی هیوا لە دڵی کۆچبەراندا، دەتوانێت هەستێکی خنکان و بێدەسەڵاتی بە بینەر ببەخشێت، دەنگی ئاو و ئاوەڕۆ، کە چەند جارێک دەبیسترێت، دەتوانێت نیشانەی پیسی و نالەباریی ئەو ژینگەیەیە، کە کۆچبەران تێیدا دەژین، بخاتە پێش چاوی بینەر. هەروەها دەنگی ژاوەژاوی شەقام و هاواری نیشتەجێبوانی باڵەخانەکە، دەتوانێت هەستێکی بێگانەیی و دورەپەرێزی بە کۆچبەران ببەخشێت، بەکارهێنانی ئەم توخمانەی سینۆگرافیا بە شێوەیەکی دروست و هونەرمەندانە، دەتوانێت بینەران زیاتر لە ژیانی کۆچبەران تێبگەیەنێت و هاوخەمیان بن، بەم شێوەیە شانۆ دەبێتە دەنگێک بۆ ئەوانەی، کە دەنگیان کەمتر دەبیسترێت و دەرفەتێک دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە، جوانترین شوێنی لە شانۆگەرییەکەدا، جوانیی سینۆگرافیا لە سادەییەکەیدا دەبینرێت، کە چۆن سینۆگرافیای شانۆیی لە سادەیی و کاریگەرییەکی قوڵدایە، کە لە ڕێگەی هونەرمەند توانیوەیەتی بە بەکارهێنانی کەرەستەی سادە و ڕەنگەکانی دەوروبەر هەست و کەشی ڕاستەقینە بگەیەنێت، لەم شانۆگەرییەدا، سینۆگرافەر کەشێکی ڕاستەقینە لەسەر شانۆ دروستکردوە، بە وردبونەوە لە ڕەنگەکان، دەبینین بە شێوازێکی هونەرمەندانە بەکارهاتوە، بۆ ئەوەی چیرۆکی کۆچبەران بگێڕێتەوە، ڕەنگە خەمناک و تاریکەکان بەسەر سەرانسەری شانۆکەدا باڵادەستن، ئەم هەڵبژاردنە هونەرییە، نەک تەنیا سادەیی لە بەکارهێنانی توخمەکاندا ڕەنگدەداتەوە، بەڵکو هەر یەکێک لەو توخمانە بەوریاییەوە هەڵبژێردراون و بینەر دەباتە ناو کەشی نائومێدییەوە، کە ڕاستەوخۆ دۆخی دەرونیی کۆچبەران ڕەنگدەداتەوە، تەنانەت بێئەوەی پەیامێکی دیاریکراو بگەیەنێت. ڕەنگە خەمناک و تاریکەکان، کە تەواوی سەرشانۆیان داگیرکردوە، نیشانەیەکە لە تاریکی و نائومێدیی ژیانی کۆچبەران، تەنانەت وێنەکانی ڕەش و سپیش، کە هەڵبژێردراون، هەمان پەیام دەگەیەنن؛ ئەوەی، کە کۆچبەران چۆن هیواکانیش ڕەش و سپین، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو ڕابردوە تاریک و نادیارەی، کە ڕوبەڕویان بوەتەوە، ئەم ڕەنگ و وێنە ڕەش و سپییانە، تەنیا بۆ ڕازاندنەوە نین، بەڵکو هەوڵێکن بۆ گەیاندنی ئەو ڕاستییەی، کە کۆچبەران چۆن هیوایان لەدەستداوە و ژیانیان بەرەو تاریکی ڕۆیشتو، سینۆگرافیا لێرەدا ڕۆ ڵی دڵتەنگی و نائومێدی دروستکردوە، هەروەها بینەران زیاتر هەست بە ژیانی سەختی کۆچبەران دەکەن و لەگەڵیاندا هاوخەم دەبن، ئەمە ئەو جوانییەیە، کە لە سینۆگرافیادا زمانێکی بێدەنگ دەگێڕێت، کە بەبێ وشە، چیرۆکی ئازار و نائومێدیی کۆچبەران دەگێڕێتەوە و هەستی بینەران دەوروژێنێت، بەو شێوازە هونەرمەندانەیەی، کە سینۆگرافەر بەکاریهێناوە، نەک تەنیا شانۆکەی ڕازاندۆتەوە، بەڵکو توانیویەتی کاریگەرییەکی قوڵ لەسەر هەستی بینەران دروستبکات، بەم شێوەیە بینەر لە ناخەوە هەست بە ئازاری کۆچبەران دەکات و بە چاوێکیتر لە ژیانیان دەڕوانێت، سینۆگرافیا لێرەدا تەنیا ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو زمانێکە، بەبێ وشە، چیرۆکی کۆچبەران دەگێڕێتەوە و ئازارەکانیان دەخاتەڕو.

دەتوانین بڵێین، سینۆگرافیا لەم نمایشەدا زمانێکی تایبەت و ئاسانکارە، بۆ گەیاندنی پەیامی شانۆگەرییەکە، بەبێ ئەوەی وشە بەکاربهێنرێت، دەتوانێت چیرۆکێکی پڕ مەغزا بگێڕێتەوە. هەروەها ئەکتەرەکانیش بە ئاستێکی بەرز، نواندنیان کردوە و ڕۆڵی خۆیان بە شێوازێکی زۆر باش گێڕاوە، ئەمەش تەواوکەری ئەو کاریگەرییە قوڵەیە، کە سینۆگرافیا لەسەر بینەران دروستی دەکات، بەواتایەکیتر، نواندنی بەهێزی ئەکتەران و سینۆگرافیای هونەرمەندانە، پێکەوە کاردەکەن، بۆ ئەوەی پەیامی شانۆگەرییەکە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و کاریگەر بگەیەننە بینەران. ئەکتەرەکان لە ڕێگەی جوڵە و دەربڕینی ڕوخسارییانەوە، بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە توانیویانە هەستی بێهیوایی، تەنیایی و ترس بگەیەننە بینەران، هەمان ئەو هەستانەی، کە کۆچبەران ئەزمونی دەکەن. دیالۆگەکانیش هەرچەندە سادە و ڕاستەوخۆن، بەڵام پڕن لە واتا و مانای قوڵ، ئەمەش وادەکات، بینەران بەئاسانی لە کەسێتییەکان تێبگەن و پەیوەندییان لەگەڵ دروستبکەن و هاوبەشی خەم و ئازارەکانیان بن. لە سینۆگرافیای شانۆیی (کۆچبەران)دا، ڕەنگ ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت، لە گەیاندنی هەستەکان و نزیکبونەوە لە لایەنی سایکۆلۆژیی کارەکتەرەکان و دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ چیرۆکەکە، بەکارهێنانی ڕەنگە تاریک و خەمگینەکان، وەک ڕەش، خۆڵەمێشی و قاوەیی، بە شێوەیەکی سەرەکی بەسەر دیمەنەکاندا

زاڵە، ئەم ڕەنگە تاریکانە ئاوێنەی دۆخی دەرونی کۆچبەرانن، کە پڕە لە بێهیوایی، خەمۆکی، ترس و نائومێدی، ژورە تاریک و بچوکەکەی ژێرزەمینەکە، کە بە ڕەنگی خۆڵەمێشی- و ڕەش داپۆشراوە، هەستی خنکێنەر پیشاندەدات، وەک ئەوەی کۆچبەرەکان لە زیندانێکی تاریکدا قەتیس بوبن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە کۆچبەرەکان چۆن لە جیهانێکی نوێ و نامۆدا، هەست بە ونبون و بێکەسی دەکە، بۆ ئەوەی هەستە جیاوازەکان بە شێوەیەکی کاریگەر بگەیەنرێنە بینەران، ڕوناکی شانۆکە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، لە کاتێکدا، زۆربەی دیمەنەکان لە تاریکی و ڕەنگە تۆخەکاندا دەگوزەرێن، کە ئاماژەیە بۆ سەختی و ئازارەکانی ڕێگای کۆچ، بەڵام بەکارهێنانی ڕەنگە گەشەکان لە هەندێک شوێنی دیاریکراو، واتای ئومێد و خەون بە دیمەنەکان دەبەخشێت. بۆ نمونە، کاتێک کۆچبەران باسی یادگارییە خۆشەکانی ڕابردویان لە وڵاتی خۆیان دەکەن، یان کاتێک خەون بە داهاتویەکی باشترەوە دەبینن، تیشکی ڕوناکی زەرد، یان پرتەقاڵی بە شێوەیەکی بەهێز بەکاردەهێندرێت، دیمەنەکان بەتەواوی ڕوناک دەکرێنەوە، ئەم ڕەنگە گەشانە وەک تیشکێکی هیوا لەنێو تاریکییەکی زۆردا دەردەکەون و ئەوە دەگەیەنن، کە سەرەڕای هەمو ئازار و ناخۆشییەکان، کۆچبەران هێشتا بەتەواوی بێهیوا نەبونە، ڕەنگی زەرد، کە ڕەنگی خۆر و گەرمییە، سیمبولی وزە و ژیانە.

بەکارهێنانی ڕەنگی زەرد لە کاتی باسکردنی خەونەکانی کۆچبەران بۆ ژیانێکی باشتر، ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە هێشتا ئەم خەونانە زیندون و دەتوانن ببنە ڕاستی. ڕەنگی پرتەقاڵی، کە تێکەڵەیەکە لە زەرد و سور، سیمبولی گەرمی، دڵخۆشی و ئازادییە، کاتێک کۆچبەران باسی یادگارییە خۆشەکانی ڕابردویان دەکەن، بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە، ئەو هەستە دەگەیەنێت، کە ئەم یادگاریانە هێشتا لە دڵیاندا زیندون و بۆیان سەرچاوەیەکی گرنگی هێزن، بەپێچەوانەوە، کاتێک کۆچبەران باسی سەختی و ئازارەکانی ڕێگاکەیان دەکەن، یان کاتێک بیر لەو ژیانە خەمۆکەی دەکەنەوە، کە لێی هەڵاتون، ڕوناکییەکان نزمدەبنەوە و ڕەنگە تۆخەکان زاڵدەبن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە ئەم یادگاریانە سەرچاوەی خەم و ئازارن بۆیان، بەم شێوەیە بەکارهێنانی ڕوناکی و ڕەنگ لە شانۆکەدا، وێنەیەکی ڕاستەقینە و کاریگەری ژیانی کۆچبەران پیشاندەدات، کە پڕە لە کۆمەڵێک هەستی جیاواز، لە خەم و ئازارەوە، تا هیوا و خەون، ڕوناکی وەک زمانێکی بێدەنگ دەدوێت و هەستە شاراوەکانی ناو دڵی کۆچبەران بە بینەر دەگەیەنێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە وشە بێت.

دەنگ لە شانۆی (کۆچبەران)دا ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی هەست و سۆز و دروستکردنی کەشێکی ڕاستەقینە بۆ بینەر دەگێڕێت، بەکارهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان بە شێوەیەکی هونەرمەندانە کاریگەرییەکەی زیاتر کردوە، هەمو دەنگەکان لەم شانۆگەرییەدا بە هۆشیاری و بە مەبەستێکی دیاریکراو بەکارهاتون، بۆ نمونە، دەنگی سیفۆنی ئاودەست، شوڕەی ئاو لە ئاوەڕۆکان و دەنگی قاپشۆردن، هەمویان دەنگی ڕۆژانەن، کە لە هەمو ماڵێکدا دەبیسترێن، بەڵام لەم شانۆگەرییەدا، ئەم دەنگانە بە شێوازێکی جیاواز بەکارهاتون، بۆ ئەوەی وێنەیەکی زیندو لە ژیانی ڕۆژانەی کۆچبەران لە ژێرزەمینی باڵەخانەیەکدا نیشانبدەن، ئەم ژێرزەمینییە شوێنێکی تاریک و پیسە و ئەم دەنگانە ئەو هەستە بە بینەر دەبەخشن، کە ئەوانیش لەو ژینگە ناتەندروستەدا دەژین، دەنگی ئاوەڕۆکان، جگە لەوەی، کە ئاماژەیە بۆ ژینگەی پیسی ژێرزەمینییەکە، هەستێکی بێزاری و بێهیواییش دروست دەکات، وەک ئەوەی کۆچبەران لە قوڵایی زەوییەکدا گیریان خواردوە و ناتوانن دەربازبن، دەنگی سیفۆنی ئاودەست و شوڕەی ئاو، بەردەوام لە شانۆگەرییەکەدا دوبارە دەبنەوە، وەک ئەوەی ئەم کۆچبەرانە بەردەوام لەگەڵ ئەم دەنگە بێزارکەرانەدا دەژین و ناتوانن لێی ڕزگاریان بێت، دەنگی قاپشۆردن، ئاماژەیە بۆ ئەرکە سادە و دوبارەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆچبەران، ئەوان هەمو ڕۆژێک هەمان کارەکان دوبارە دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە ژیانیاندا ڕوبدات، ئەمەش هەستێکی بێزاری و بێهیوایی لەلایاندا دروست دەکات، جگە لە دەنگەکانی ناو ژێرزەمینییەکە، دەنگی دەرەوەش لە شانۆگەرییەکەدا گرنگن، بۆ نمونە، دەنگی هاتوهاواری خەڵک و دەنگی زەنگی کڵێسا، ئاماژەن بۆ ژیانی ئاسایی لە دەرەوەی ژێرزەمینییەکە، بەڵام ئەم دەنگانە بۆ کۆچبەران جیاوازن، چونکە ئەوان لەو ژیانە دورن و ناتوانن تێیدا بەشداربن، دەنگی زەنگی کڵێسا، کە ئاسایی سیمبولی ئارامی و ئاشتییە، لەم شانۆگەرییەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کۆچبەران زیاتر هەست بە نامۆیی و بێگانەیی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بکەن. دەنگی زەنگی کڵێسا، کە لە کلتوری ڕۆژئاوادا زۆر جار بەواتای ئارامی و ئاشتی دێت، لێرەدا واتایەکی قوڵتری هەیە، بۆ کۆچبەران، ئەم دەنگە دەشێت سیمبولی هیوا و ئیمان بێت، بە گەیشتن بە ژیانێکی باشتر، لە هەمان کاتدا، دەشێت یادگارییەکی خەمناک بێت لە

ڕابردوویان لە وڵاتی خۆیان، کاتێک ژیانیان ئاسایی بو و لە ئاشتی و ئارامیدا دەژیان، ئەم دودڵییە لە واتای دەنگی زەنگەکە، ئەو ئاڵۆزییەیە نیشاندەدات، کە لە دڵی کۆچبەراندا هەیە، ئەو ڕاکێشانەیە لە نێوان هیوا و نائومێدی، لە نێوان ڕابردو و داهاتودا، لەنێوان مانەوە و ڕۆیشتن، دەنگەکان لەم شانۆگەرییەدا تەنها هۆکارێک نین بۆ زیادکردنی ڕاستگۆیی، بەڵکو زمانێکن بۆ گەیاندنی هەستە شاراوەکانی کۆچبەران. ئەوان یارمەتیدەرن، بۆ ئەوەی بینەران زیاتر لە ئازارەکانیان تێبگەن و بە هەستیارییەوە لە چیرۆکەکانیان بڕوانن، دەتوانین بڵێین، هونەرمەند بە بەکارهێنانی دەنگەکان، دەیەوێت جیهانێکی پڕ لە هەست و سۆز بۆ بینەران دروستبکات، جیهانێک کە تێیدا دەتوانن هەست بە ئازار و هیوا و خەونەکانی کۆچبەران بکەن. دەنگی هاتوهاواری خەڵک و دەنگی دانیشتوانی نهۆمەکانی سەرەوە، جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ژیانی ئاسایی خەڵک و ژیانی پڕ لە ئازاری کۆچبەراندا پیشاندەدات، ئەم دەنگانە وەک ئەوەی دو جیهانی جیاواز بن: جیهانێکی پڕ لە ژیان و چالاکی لە سەرەوە و جیهانێکی تاریک و بێدەنگ لە ژێرزەمینییەکە، کە کۆچبەران تێیدا دەژین، ئەمەش هەستێکی نامۆیی و بێگانەیی لە کۆچبەراندا دروست دەکات، بەکارهێنانی ئەم دەنگانە بە شێوازێکی زیرەکانە، کۆمەڵێک هەست و سۆزی جیاواز لە بینەردا دروست دەکات، وەک ترس لە نادیاری، بێزاری لە دۆخی نالەبار، هیوا بۆ داهاتویەکی باشتر و تەنیایی لەبەر دورکەوتنەوە لە خێزان و هاوڕێیان. دەنگەکان وەک ئەوەی چیرۆکێکی دیکە دەبیننەوە، چیرۆکی ئازار و مەینەتی کۆچبەران، بەڵام لە هەمان کاتدا، چیرۆکی هیوا و خەونی ئەوانیش بۆ ژیانێکی باشتر، بەگشتی دەتوانین بڵێین، دەنگ لە شانۆی (کۆچبەران)دا تەنها بۆ تەواوکردنی دیمەنەکان بەکارنەهاتوە، بەڵکو وەک توخمێکی سەرەکی سینۆگرافیا بەکارهاتوە، بۆ گەیاندنی پەیامی شانۆکە و وروژاندنی هەستی بینەران. دەرهێنەر توانیویەتی لە ڕێگەی دەنگەکانەوە، بینەران بباتە ناو جیهانی کۆچبەران و هەستیان پێبکات، وابکات زیاتر لە دۆخی ئەوان تێبگەن و هاوسۆزیان بن. دەنگەکان لێرەدا تەنها دەنگ نین، بەڵکو زمانێکن بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ئازار و هیوا.

شوێنی ڕوداوەکانی ئەم شانۆگەرییە، کە ژێرزەمینێکی تاریک و ترسناکە، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە گەیاندنی هەست و سۆزی شانۆکە بە بینەر دەگێڕێت، لێرەدا سینۆگرافەر زۆر زیرەکانە کاری لەسەر کردوە، ئەم ژێرزەمینییە تەنیا شوێنێک نییە، بۆ نمایشکردنی چیرۆکەکە، بەڵکو وەک کارەکتەرێکی سەرەکی شانۆکە وایە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەستی بینەر هەیە، تاریکی ژێرزەمینییەکە هەستێکی خنکێنەر و بێهیوایی دروست دەکات، کاتێک بینەر دیمەنی ژێرزەمینییە تاریکەکە دەبینێت، هەست دەکات، کە ئەویش لەگەڵ کۆچبەراندا لەو شوێنە تەنگەبەر و ناخۆشەدا گیراوە، دیوارە ڕەشەکان و نەبونی ڕوناکی، وێنەیەکی زیندو لە زیندانێکی دەرونی پیشاندەدەن، کۆچبەران لەم ژێرزەمینییەدا نەک تەنیا لەڕوی جەستەییەوە، بەڵکو لەڕوی دەرونیشەوە، هەست بە گەمارۆدراوی دەکەن، ئەم ژێرزەمینییە تاریکە، جگە لەوەی، شوێنی ژیانی کۆچبەرانە، هەروەها سیمبولێکیشە بۆ ئەو دۆخە سەخت و نائومێدانەیەی، کە کۆچبەران تێیدا دەژین. ئەوان لە وڵاتی خۆیان هەڵاتون، بەهیوای دۆزینەوەی ژیانێکی باشتر، بەڵام لە کۆتاییدا لەم ژێرزەمینییە تاریک و ترسناکەدا گیرۆدەبون، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە ڕێگای کۆچ پڕە لە سەختی و ئاستەنگ و هەمیشە گەیشتن بە ئامانجەکان ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەو تاریکییە و نائومێدییەی، لە ژێرزەمینییەکەدا هەیە، هێشتا پرتەقاڵێکی بچوک هەیە، کە هیوایەک دەبەخشێت، ئەویش بونی خودی کۆچبەرانە، کە سەرەڕای هەمو ئازارەکان، هێشتا بەردەوامن لە خەونبینین و تێکۆشان بۆ ژیانێکی باشتر، ئەمەش پەیامێکی بەهێزە، شانۆگەرییەکە دەیەوێت بیگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە، کە هەمیشە هیوایەک هەیە، تەنانەت لە تاریکترین شوێنیشدا.

نەبونی ڕوناکی لە ژێرزەمینییەکەدا، نەک تەنیا بۆ پیشاندانی ڕەوشی ژیانی کۆچبەران بەکارهاتوە، بەڵکو سیمبولێکیشە بۆ نەبونی هیوا و ئاسۆیەکی ڕوناک لە ژیانیاندا، ئەوان لە تاریکیدا دەژین، هەم بەمانای فیزیکی و هەم بەمانای مەجازی، داهاتویان نادیارە و نازانن چی چاوەڕێیان دەکات. کۆچبەران، دوای بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵیان، ڕوبەڕوی کۆمەڵێک سەختی و ئازار بونەتەوە، ئەم ئەزمونە تاڵانە، بونەتە هۆی دروستبونی خەمۆکی، ترس و بێهیوایی لە ناخیاندا. ژێرزەمینییە تاریکەکە، ڕەنگدانەوەی ئەم تاریکییە دەرونییەیە، کۆچبەران لەم ژێرزەمینییەدا، نەک تەنیا لەگەڵ بارودۆخی سەختی ژیانیان، بەڵکو لەگەڵ ئەم تاریکییە دەرونییەشدا دەجەنگن، تاریکییەک، هەڕەشە لە هەمو هیوا و ئومێدێکیان دەکات، یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین دیمەنەکانی شانۆکە، دڵۆپە ئاوە بەردەوامەکەیە، کە لە

ســەقفەکەوە بەســەر دیوارەکاندا دەڕژێت، ئەم دڵۆپە ئاوە، وەک فرمێســکێکی بێوچان وایە، کە هەرگیز ناوەســتێت، جوانییەکی خەمناک بەکاردەخات، دڵۆپە ئاوەکان بەردەوام دەچنە خوارەوە و دەبنە هۆی دروستبونی پەڵەی شـێداری لەســەر دیوارەکان. ئەم دیمەنە بەتەنیا ڕەوشی خراپی ژێرزەمینییەکە نیشـــانادات، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەو ئازارە بەردەوامەی، کە کۆچبەران هەســتی پێدەکەن، ئەو ئازارەی، کە وەک دڵۆپەی ئاو بەردەوام بەســەریاندا دەڕژێت و هەرگیز دەرفەتی ئەوەیان نادات، کە هەناسەیەکی ئاسودەیی بدەن. دڵۆپە ئاوەکان، دەتوانن سیمبولی ئەو یادگارییە تاڵانە بن، کە کۆچبەران ناتوانن لەبیریان بکەن، هەر دڵۆپێک وەک ئەوە وایە، کە پارچەیەک لە ڕابردوی پڕ ئازاری ئەوان بێت، کە بەردەوام بەسەریاندا دەبارێت. ئەمە نیشانەی ئەو ئازارە بێکۆتایەیە، کە کۆچبەران هەستی پێدەکەن، ئازارێک وەک ئەو ئاوە ڕۆیشـــتوەیە، بەردەوامە و هەرگیز کۆتایی نایەت، هەر دڵۆپەیەکی ئاو، وەک چەقۆیەک دەچێتە دڵی بینەرەوە، هەر دڵۆپەیەک یادگارییەکی تاڵە لە ڕابردوی کۆچبەران و ئاماژەیەکە بۆ داهاتویەکی نادیار. ئەم دڵۆپانە نەک تەنیا دەنگی بێزارکەر دروســت دەکەن، بەڵکو لە ڕوی ســیمبولیکیشــەوە واتایەکی قوڵیان هەیە، ئەوان هەســتەکانی خەمۆکی، بێهیوایی و تەنیایی کۆچبەران بە شــێوازێکی کاریگەر دەگەیەنن. دەتوانین بڵێین، کە ژێرزەمینییە تاریکەکە و دڵۆپە ئاوە بەردەوامەکەی ســـەقفەکە، دو لایەنی یەک دراون، تاریکییەکە وێنەی دۆخی دەرەوەی کۆچبەرانەو دڵۆپە ئاوەکەش ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی ناوەوەیانە، پێکەوە، ئەم دو توخمە، هەســتێکی تەواو ڕاســتەقینە لە ژیانی کۆچبەران پیشـــانبدات، وێنەیەک، کە پڕە لە ئازار، خەم، ترس، بێهیوایی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمەش نیشـــانەی ســـەرکەوتنی هونەرمەندە لە بەکارهێنانی توخمەکانی ســـینۆگرافیا بۆ گەیاندنی پەیامی شـــانۆکە. هونەرمەند لە ڕێگەی بەکارهێنانی توخمە جیاوازەکانی سینۆگرافیاوە، توانیویەتی هەست و سۆزی بینەران بجولێنێت و وابکات، زیاتر لە دۆخی کۆچبەران تێبگەن و هاوسـۆزیان بن. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێینو سـینۆگرافیای شـانۆی (کۆچبەران) تەنها ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو زمانکی کاریگەرە. دەشـــێت بڵێین دڵۆپە ئاوە بەردەوامەکە لەم شـــانۆگەرییەدا، هێمایەکە بۆ ئەو فرمێســـکانەی، کە کۆچبەران بەردەوام دەیڕێژن، بە یەکگرتنی ئەم دو توخمە، شـانۆگەرییەکە بە شـێوازێکی سـەرنجڕاکێش و کاریگەر، ژیانی پڕ لە ئازار و چاوەڕوانی کۆچبەران نیشـــاندەدات و بینەر دەخاتە ناو کەشـــێکی پڕ لە خەم و ژان و بێهیواییەوە. هەمو شتێک لەم ژێرزەمینەدا شێواو و ناجێگیرە، مێزە لاوازەکەی ناوەڕاست، کورسییە شێواوەکان، جێگە خەوە پیسەکان، کە پڕن لە کەلوپەلی کۆن و بێکەڵک، هەمویان ئاماژەن بۆ ئەو ژیانە ناجێگیر و پڕ لە ناســـەقامگیرییەی، کە کۆچبەران پێیدا تێپەڕدەبن. مەخســـەلێکی قاپشـــۆری کۆنیش هەیە، کە ئاوەکەی بەردەوام دەڕژێت، بەڵام هەرگیز پڕنابێت، ئەمەش ســـیمبولێکە بۆ ئەو هەوڵە بێهودەیەی کۆچبەران بۆ گەیشـــتن بە ئاســـایش و ســـەقامگیری، هەوڵێک، کە هەرچەندە بەردەوامە، بەڵام هەرگیز بەئەنجام ناگات.

هەمو ئەم وردەکارییانە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی پڕ لە نائومێدی و بێهیوایی کۆچبەران دەخەنەڕو، ژیانێک، تێیدا بەردەوام لە هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئاسایشێکی ونبودان، ئاسایشێک، کە لەوانەیە هەرگیز نەیبیننەوە، ئەم ژێرزەمینە تەنیا شوێنێک نییە، بەڵکو وێنەیەکی ڕەمزییە لە دۆخی دەرونی و ژیانی ڕۆژانەی کۆچبەران، ئەو کەلوپەلانەی لە ژێرزەمینەکەدا هەن، هەمویان وەک ئاوێنەیەک وان، ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆچبەرانن. هەر پارچەیەک لەو کەلوپەلانە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، چیرۆکی ئازار، خەم، هیوا و ئومێد. سینۆگرافەر بە بەکارهێنانی ئەم توخمانە، توانیویەتی بینەران لە ژیانی کۆچبەران نزیک بکاتەوە و وابکات، هەست بە هەمان ئەو ئازارانە بکەن، کە ئەوان هەستی پێدەکەن، لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، ژێرزەمینی شانۆی کۆچبەران تەنها شوێنێک نییە، بەڵکو جیهانێکە پڕ لە هەست و ڕەمز و واتای قوڵ.

لە شانۆگەرییەکەی کۆچبەراندا، ڕوناکی بە شێوازێکی زۆر کاریگەر بەکارهاتوە، بۆ دروستکردنی کەشێکی تایبەت. چرایەکی زەرد و خەنەیی لە سەقفەوە هەڵواسراوە، بەڵام لەجیاتی ڕوناککردنەوەی شوێنەکە، تاریکییەکەی قوڵتر دەکاتەوە و هەستێکی ترس و خنکانی دروست دەکات، سێبەری درێژ و ترسناکی کارەکتەرەکان لەسەر دیوارەکان دەکەوێت، کە نیشانەی ئەو سێبەرە دەرونییەیە، کە هەمیشە لەگەڵیانە، پڕ لە ترس و نائومێدی. لە ساتە گرنگەکاندا، ڕوناکییەکی تیژ و سپی بەکاردەهێنرێت، وەک ئەوەی ڕاستییەکی تاڵ دەربخات، کە کۆچبەران هەوڵی شاردنەوەی دەدەن، هەندێک جار ڕوناکییەکە تەنها ڕوخساری ئەکتەرەکان ڕوناک دەکاتەوە و جەستەیان لە تاریکیدا دەمێنێتەوە، ئەمەش هەستێکی

جودایی و دوری دروست دەکا، لە لایەکەوە، هەستێکی نائارامی و ترس دروست دەکات، چونکە ڕوناکییە تیژەکە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە ئێمە تەنها ڕوخساری کۆچبەران دەبینین و لە ئازارەکانی ناخیان تێناگەین، ئەم گۆڕانکارییە لەناکاوە لە ڕوناکی، وەک چرایەکی هیوا وایە، کە بۆ ساتێک دەدرەوشێتەوە، بەڵام ئەم هیوایە زۆر کورتخایەنە، چونکە ڕوناکییە سپییەکە بە خێرایی دەکوژێتەوە و ژێرزەمینەکە دیسان دەکەوێتەوە ناو تاریکی، ئەم کوژانەوەیە خێرایەی ڕوناکی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە هیوای گۆڕانکاری و دەربازبون لەم دۆخە سەختەدا، زۆر لاوازە و بەئاسانی دەکوژێتەوە، هەمو شتێک بەخێرایی دەگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی خۆی، واتە تاریکی و نائومێدی زاڵدەبنەوە. بەم شێوەیە ڕوناکی شانۆیی لەم شانۆگەرییەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیاندنی پەیامی شانۆکە و هەست و سۆزی کارەکتەرەکان بە شێوەیەکی کاریگەر دەگەیەنێتە بینەر، ڕوناکی، لێرەدا تەنیا ڕوناکی نییە، بەڵکو زمانێکە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و دەربڕینی ئازارە نادیارەکانی ناخی مرۆڤ. ڕوناکی لەم شانۆگەرییەدا نیشانەیەکە بۆ ئەو دۆخە دژوارەی، کە کۆچبەران تێیدا دەژین، هەروەها هێمایەکە بۆ خەون و ئاواتەکانیان، کە زۆرجار نایەنەدی و لە تاریکیدا دەمێننەوە. ڕوناکی لەم شانۆگەرییەدا زمانێکە، کە بەبێ وشە چیرۆکی ئازار و نائومێدی کۆچبەران دەگێڕێتەوە. دەتوانین بڵێین هونەرمەند بە بەکارهێنانی ڕوناکی، دەیەوێت وێنەیەکی ڕاستەقینە لە ژیانی کۆچبەران پیشانبدات، وێنەیەک، کە هەم پڕە لە ئازار و هەم پڕە لە هیوا.

کەلوپەلی ناو شانۆگەرییەکە، زمانێکی ڕەمزییان هەیە و بە بەکارخستنی جوانیەکانی، هەر یەکەیان وەک هێمایەک بۆ دەربڕینی بێدەنگی ئازارەکانی کۆچبەران وێنادەکرێن. مێزە بچوکەکە، کە سەری پڕە لە نامەی نەنێردراو و بێوەڵام، نیشانەیە بۆ هەوڵە بێهودەکانی کۆچبەران، بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، نامەکان، بێ ناونیشانن، وەک هاوارێک لە چۆڵەوانی بێدەنگیدا، کەس گوێی لێ نییە و کەس وەڵامیان ناداتەوە. ئەمە وێنەی ئەو گۆشەگیری و بێکەسییەیە، کە کۆچبەران هەستی پێدەکەن، دور لە خێزان و نیشتمانی خۆیان، دو کورسییە نارێکەکە، کە هەرگیز کەس لەسەریان دانەنیشتوە، ئاماژەن بۆ نەبونی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەنێوان کۆچبەراندا، وەک ئەوەی لە هەمان شوێندا بژین، بەڵام هەرگیز نەتوانن لەیەکتر تێبگەن و هاوبەشی خەمەکانی یەکتر بن. هەروەها ئەو کەرەستانەی، کە لە شانۆگەرییەکەدا بەکارهاتون، هەمویان کۆن و شێواون، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە کۆچبەران ڕابردویەکی پڕ لە ئازاریان هەیە و باری دەرونیان ناجێگیرە، پەرداخە بەتاڵەکان، نیشانەی ئەو خاڵییە دەرونییەیە، کە کۆچبەران هەستی پێدەکەن، ئەوان هەست دەکەن، ژیانیان هیچ مانایەکی نەماوە و هیچ شتێک ناتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، کەلوپەلەکانی شانۆگەرییەکە هەمویان بەوردی هەڵبژێردراون و ئەرکی گەیاندنی پەیامی شانۆکەیان لە ئەستۆ گرتوە.

کورسییەکان، وەک دو کەسی نامۆ وان، کە هەرگیز ناتوانن لە یەک نزیک ببنەوە، جێگە خەوە سادە و بێ ڕازاندنەوەکان، کە بە کەلوپەلی کۆن و بێکەڵک داپۆشراون، نیشانەی ئەو ژیانە نائارام و پڕ لە دڵەڕاوکێیەیە، کە کۆچبەران دەیگوزەرێنن، ئەو جێگایانە، تەنیا شوێنێکن بۆ خەوتن، نەک بۆ ئەوەی ژیانێکی ئاسودەی تێدا بژین، ئەوانە، وێنەی ئەو حاڵەتە کاتی و ناجێگیرەیەن، کە کۆچبەران بەردەوام تێیدان، بێ هیچ گەرەنتییەک بۆ داهاتو. لە کۆتاییدا، (مەخسەلە) قاپشۆرە کۆنەکە، کە ئاوەکەی بەردەوام دەڕژێت، بەڵام هەرگیز پڕنابێت، سیمبولێکی بەهێزە بۆ ژیانی پڕ لە هەوڵی بێهودەی کۆچبەران، ئەوان وەک ئەو مەخسەلە وان، بەردەوام لە هەوڵی گەیشتن بە خەون و ئامانجەکانیاندان، بەڵام هەمیشە بە دەستی بەتاڵی دەمێننەوە، ئەم هەوڵە بێکۆتایە بۆ گەیشتن بە ئاسایش و ژیانێکی شایستە، هەرگیز بە ئەنجام ناگات، وەک ئاوەکەی مەخسەلەکە، بەردەوام دەڕژێت و هەرگیز جێگیر نابێت، لە ڕاستیدا، هەر توخمێکی ناو شانۆگەرییەکە بەوریاییەوە دیزاین کراوە، بۆ ئەوەی چیرۆکێکی تایبەت بگێڕێتەوە و پەیامێکی قوڵ بگەیەنێت، هونەرمەند بە زیرەکی توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم کەلوپەلانەوە، ژیانی پڕ لە ئازار و چاوەڕوانی کۆچبەران نیشانبدات و بینەران بخاتە ناو ئەو کەشە سەخت و ناهەموارەوە، ئەو کەلوپەلانە نەک تەنیا بۆ ڕازاندنەوە نین، بەڵکو بەشێکن لە چیرۆکەکە و ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی پەیامەکانیدا دەبینن.

دەنگی سەعاتە کۆنەکەش، بە تیک تاکە بەردەوامەکەی، کاتژمێرێکی دەرونییە، کە بەسەر سەری کۆچبەرانەوە دەخولێتەوە، هەر تیک تاکێک، وەک چەقۆیەک دڵی پڕ لە خەمیان دەبڕێت و بیرخەرەوەیە بۆ ئەو کاتە زێڕینەی، کە بەفیڕۆ دەچێت، بەبێ هیچ ئەنجامێک. دەنگی هاتوچۆی خەڵک لە دەرەوەی ژێرزەمینەکە، ئاماژەیە بۆ ئەو ژیانە

ئاساییەی، کە لە دەرەوە بەردەوامە، ژیانێک، کە کۆچبەران لێی دابڕاون، ئەوان، لە ناو تاریکی و گۆشەگیری ژێرزەمینەکەدا، تەنیا دەتوانن گوێبیستی دەنگی ژیانی دەرەوە بن، بەبێ ئەوەی بەشێک بن لێی، لە شەوی سەری ساڵدا، دەنگی زەنگی کەنیسە دەبیسترێت، ئەم دەنگە، کە لە کلتوری ڕۆژئاوادا سیمبولی خۆشی و ئاهەنگ گێڕانە، بۆ کۆچبەران تەنیا بیرخەرەوەیە، بۆ ئەو خۆشیيانەی، کە لەدەستیانداوە، ئەوان، لەناو تاریکی و بێکەسی ژێرزەمینەکەدا، ناتوانن بەشداری ئاهەنگ گێڕانەکانی دەرەوە بن و تەنیا وەک بینەرێکی بێدەنگ دەمێننەوە، بەم شێوەیە، سینۆگرافیای دەنگ لەم شانۆگەرییەدا، بە شێوازێکی هونەرییانە و کاریگەر، نەخشەیەکی دەنگی دەخوڵقێنێت، کە هەست و سۆزی کۆچبەران بە ڕونی دەگەیەنێتە بینەر. هەر دەنگێک لەم نمایشە شانۆییەدا هەڵگری پەیامێکە و بەشێکە لەو چیرۆکە گەورەیەی، کە دەگێڕدرێتەوە، دەنگەکان تەنیا بۆ دروستکردنی کەشێکی ڕاستەقینە نین، بەڵکو بۆ ئەوەن، کە بینەران هەست بەوە بکەن، کە لەناو ژیانی کۆچبەراندا دەژین و هەمان ئەو ئازارانە ئەزمون دەکەن، کە ئەوان ئەزمونی دەکەن، دەتوانین بڵێین هونەرمەند بە بەکارهێنانی دەنگ، ویستویەتی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان بینەر و کارەکتەرەکانی شانۆگەرییەکە دروستبکات.

## ئەنجامەکان:

١. سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆیی (کۆچبەران)دا بەشێوەیەکی سەرەکی بەکارهاتوە، بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی واقیعی و لە هەمان کاتدا هێمایی، کە ڕەنگدانەوەی دۆخی دەرونی و ژیانی سەختی کۆچبەرانە.

٢. بەکارهێنانی ژێرزەمینە تاریک و بچوکەکە، لەگەڵ ڕەنگە تۆخەکان، بە سەرکەوتویی هەستێکی قەتیسبون، بێهیوایی و نائومێدی لە بینەردا دروست دەکات.

٣. ڕوناکی شانۆیی لە نمایشەکەدا وەک ئامرازێکی سەرەکی بەکارهاتوە، بۆ گەیاندنی هەستە جیاوازەکان، وەک هیوا (بەتایبەت لە ساتەکانی خەونبینیندا) و نائومێدی و ترس (لە زۆربەی کاتەکاندا).

٤. توخمی دەنگ، وەک دەنگی ئاوەڕۆ و ژاوەژاوی دەرەوە، تەنها بۆ تەواوکردنی دیمەن نین، بەڵکو بەشێکن لە پەیامی نمایشەکە و نامۆیی و دابڕانی کۆچبەران نیشاندەدەن.

٥. کەلوپەلە سادە و شێواوەکانی سەرشانۆ، وەک مێز و کورسی و نامەکان، هەڵگری واتای قوڵن و هێمای هەوڵی بێهودە، نەبونی پەیوەندی، ژیانی ناجێگیر و پڕ لە ئازاری کارەکتەرەکانن.

٦. سینۆگرافیا لەم نمایشەدا وەک زمانێکی بێدەنگ و پڕ لە کۆد کاری کردوە، توانیویەتی بە شێوەیەکی کاریگەر پەیامی سەرەکی شانۆکە و هەستی کارەکتەرەکان بە بینەر بگەیەنێت.

٧. شیکردنەوەی نمایشی (کۆچبەران) دەریخستوە، کە سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆییدا، لانیکەم لەم نمونەیەدا، بەشێکی بنچینەیی و گرنگە لە دروستکردنی نمایشێکی سەرکەوتو و گەیاندنی واتا.

٨. پەیوەندیی نێوان سینۆگرافیا (دیمەن، ڕوناکی، دەنگ، کەلوپەل) و نواندنی ئەکتەرەکان و دەقی شانۆنامەکە، هۆکار بوە، بۆ نمایشێکی پتەو و مانادار لەسەر بینەر و تێگەیاندنیان لە چیرۆکی کۆچبەران.

## سەرچاوەکان


ئیسماعیل، سەید عەلی(د)، (٢٠١٥)، مێژوی شانۆی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، هەڤال(د)، (٢٠١٩)، شانۆی کوردی لە مێژوەوە تا ئەمڕۆ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

لەتیف، نیاز(د)، (٢٠١٨)، تیۆرەکانی سینۆگرافیا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

مستەفا، ڕێزان، (٢٠٢٢)، شانۆی بێ دەوڵەتان، کەتەلۆگی ساڵانەی دەزگای شانۆی کوردستان:هەولێر

کتێب بە زمانی عەرەبی:

جودي، جبار، (٢٠١٢)، جماليات السينوغرافيا في العرض المسرحي، شركة الأقلام المتحدة، طبعة اللأولى

زنكەنە، مريوان عبدالرحيم، (٢٠١٠)، الديكور المسرحي، طبع وزارة الثقافة ضمن فعاليات كركوك عاصمة الثقافة العراقية.

عبد الحميد، سامي(٠د)، (١٩٩٥)، المسرح بين النظرية والتطبيق، دار الشعون الثقافية الأمة، بغداد.

عبد الحميد، سامي(د٠)، (٢٠١٥)، المسرح والدراما: من النظرية إلى التطبيق، دار الرشيد للنشر. بغداد.
عبد المنعم، محمد(د)، (٢٠١٧)، أسس وتقنيات التصميم المسرحي، دار النهضة العربية.
العدوي، محمد عبد الرحمن(د)، (٢٠١٨)، سيكولوجية الألوان وتأثيرها على الإنسان، مطبعة جامعة الملك سعود، الرياض.
علام، ياسر(د)، (٢٠٢٠)، المسرح التفاعلي لتقنيات مشهد المعاصرة، الدار العربية للنشر (المطبعة العربية)،القاهرة.
امجد، دكتر حميد، (١٣٩٧)، نمادگرایی در صحنه نگاری تئاتر ایران، انتشارات سوره مهر، تهران.
ثمینی، دکتر نغما، (١٣٩٩)، نمادگرایی در طراحی صحنه تئاتر انتزاعی، فصلنامه هنرهای نمایشی.

لینکی یوتوبی نمایشی شانۆیی "کۆچبەران"
https://youtu.be/vKc6-R01hFc?si=O03H3LW7tT5Vg4RB

# لیستی پاشکۆکان

## چەند وێنەیەک بەشێک لە سینۆگرافیای نمایشی "کۆچبەران"







